## لە پەراوێزی سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ عەرەبستانی سعودیە

# کرانەوەی دەروازەیەك بەرەو جیهانی عەرەبی

محەمەد عەبدوڵڵا

kalary79@yahoo.com

سەردانی ئەم دواییەی شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی بۆ شانشینی عەرەبستانی سعودیە، لەنێوەندە سیاسیەکاندا بەگرنگییەوە هەڵسەنگێنراو لێکدانەوەی وردی بۆ کرا، بەتایبەتی لە ئانوساتێکدایە کە لێپرسراوانی بەرزی کۆمەڵێك لە وڵاتانی ناوچەکە روو لەو وڵاتە دەکەن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە هەرێمایەتیەکان و سەقامگیربوونی رەوشی ناوچەکە.

ئەم سەردانە کە لەسەر بانگهێشتی ئەوان بوو، هەرچەندە یەکەمجار نەبوو بۆ سەرۆك بارزانی، بەلاَم یەکەمجاری بوو وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگهێشت بکرێ، ئامانج لێی گۆڕینەوەی بیروڕا بوو لەبارەی رەوشی ئێراقی فیدراڵ و هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ و خستنەڕووی تێڕوانینی سەرکردایەتی کوردستان لەبارەی رەوشی ئێراق و چۆنێتی چارەسەری ئەم ناسەقامگیرییە.

وەك چاودێران لێکیاندایەوە، ئەمەش دوای ئەوەی هەندێ زانیاری نادروست و شێوێنراویان لابوو، بەلاَم ئەوان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە کورد لە ئێراق بەشێکە لە چارەسەر نەك بەشێك لە کێشەکە و، بەنرخەوە هەڵوێستی کوردو سەرکردایەتی کوردستانیان لەمبارەیەوە هەڵسەنگاندو پێیانوایە کە رۆڵی کورد لە ئێراقدا کە زۆر گرنگە، بۆیە بایەخ بە کورد دەدەن بۆ دەربازکردنی ئێراق لەم تەنگژە ترسناکە، بەتایبەتی کەسایەتییەکی وەکو بارزانی کە جێ پەنجە و هێزی لۆژیکیانەی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دیارو بەرچاوە. ئێستا وێنەکان روونتر بوو، ئەوان لە تێڕوانینی کورد گەیشتن و، دان دەنێ بەوەی کیانێك هەیە لە چوارچێوەی ئێراق و، ئامادەن هاوکاریمان بکەن و پەیوەندیمان لەگەڵ ببەستن، بۆیە پێموایە لەمەودوا مامەڵەیان لەگەڵ کورد جیاواز دەبێ.

ئەم سەردانە بۆ شانشینی سعودیە دانانی بناغەیەکی باش بوو بۆ بیناکردنی پەیوەندی نێوان هەردوولاو، لەوانەیە ئاکامەکەی دوای ماوەیەك لەسەر ئەرزی واقیع دەربکەوێ، ئامادەیی دەربڕینی سعودییەکان بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان مەغزای گەورەی هەیە، چونکە وا دێتە پێشچاو کە ئەو وڵاتە ئێستا نوێنەرایەتی تەواوی عەرەب دەکات و لەجیاتی میسر پێشڕەوی جیهانی عەرەبی دەکات، ئەمەش دەلیڤەیەکی باشە بۆ گرێدانەوەی پەیوەندی لەگەڵ دونیای عەرەبی لەرێی دەروازەی سعودیەوە، چونکە ئەم دەروازەیە، دەرگای زۆر وڵاتانیتری عەرەبییە، ئەمەش خواستێکی هەردەمی کوردە بۆ گرێدانی پەیوەندی نەك تەنها لەگەڵ وڵاچتانی عەرەبی بەڵکو لەگەڵ هەر وڵاتێکی تر لەسەر بنەمای لێکگەیشتن و رێزی هاوبەش، بەمەبەستی زیاتر ناساندنی دۆزی کورد.

چەند کێشەیەك هەیە لە ئێراق هەندێکی تایبەتە بە تایفەگەری و هەندێکی تیرۆریستییە و، هەندێکی پەیوەستە بە رۆڵی نێگەتیڤی وڵاتانی دراوسێ، پێویستە هەموو لایەك بەشدار بێ لە ئێراق، چەمکی بەشداریکردن دەبێ قووڵ بکرێ، ئەمانە تێڕوانینی واقیعیانەی کوردی بوون کە بۆ خانەخوێ خرایە روو، لەمبارەیەوە عەرەبستانی سعودیە دەتوانێ رۆڵی پۆزەتیڤ ببینێ، چونکە وەك ئاماژەم پێدا قورساییەکی هەیە لە ناوچەکە، لەرووی ئابووریشەوە

سەنگی هەیە، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا زۆر بەهێزەو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دیالۆگی هەیە.

سەردانەکە لای هەندێ نێوەندەوە وا لێکدرایەوە کە کورد پشتگیری لایەنێك لەدژی لایەنێکیتر لە ئێراقدا دەکات، بەڵام دوپاتکردنەوەی سەرکردایەتی کوردستان بۆ بەشداری سیاسی هەمەلایەنە لە وڵاتدا وڵامێکی بەجێ بوو بۆ ئەم تۆمەت هەڵبەستنە. هاوکات لەم ماوەی دواییە هەڵمەتێك لە میدیای عەرەبی بوو لە دژی کورد بەرپا بوو بەمەبەستی شێواندنی سیمای کوردو رۆڵی ئەرێنیانەی لە ئێراقی نوێدا، بەڵام ئێستا خەریکە هەڵمەتەکە پێچەوانە دەبێتەوەو هەنگاوو کردەوەکانی کورد وەکو خۆی دەخوێنرێتەوە.

دواجار دەکرێ بڵێین سەرکردایەتی کوردستان پێویستە پەیوەندییەکان فراوان بکاتەوە نەك لەگەڵ چەند دەوڵەتێك بەتەنیا بەڵکو فراوانتر بکرێ، هەروەك لە بەرنامەی سەرۆکی کوردستاندایە.